# سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق,(٨ی شوباتی ١٩٦٣-١٧ای تەموزی ١٩٦٨)

**هەرێم حسن احمد بابان** بەشی مێژوو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی راپەرین- ڕانیە، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**ئیمەیڵ:**haremranya58@uor.edu.krd

**محمد عبدالله کاکە سور** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:**makakasur@yahoo.com

## پوختە:

سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تاوەکو١٧ی شوباتی١٩٦٨,یەکێکە لەوبابەتانەی,کە بۆتە جێگەی بایەخی زۆرێک لە توێژەران و گرنگی تایبەتیان پێداوە.بەتایبەتی ئەوەی کە زۆرێکیان ئاماژەیان پێداوە,باسکردنی رۆڵی ئەمریکایە لە هاتنی بەعسیەکان بۆ لوتکەی دەسەلاتە لەم ماوە مێژوویی یەدا.

سیاسەتی ئەمریکا لەم ماوە مێژوویی یەدا.بریتیی بووە,لە بایەخدانی ئەمریکا, بە بەهێزکردنی پەیوەنی یە سیاسی و رۆشنبیری و ئابوری یەکانی,بەتایبەت پەیوەندی یە نەوتیەکانی لەگەڵ عێراق لەوکاتەدا.بەهۆی ئەوەی عێراق پێگەیەکی کاریگەری هەبووە لە رۆژهەلاتی ناوەراست و روداوەکانی جەنگی سارد,بۆیە ئەمریکا,گرنگی تایبەتی بە عێراقداوە.

لەلایەکی ترەوە,کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی کاریگەری نێگەتیڤیان کردۆتە سەر سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق.بەتایبەتی هەر لە ناوەراستی شەستەکانەوە,کیشەی عەرەب-ئیسرائیل,بەهۆی پشتگیری ئاشکرای ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و نارەزایەتی عێراق و کیشەی کۆمپانیا نەوتیەکانی خۆرئاوا لەعێراق.لەگەڵ هەبونی ئەم کیشە سیاسیانەش,پەیوەندی یە ئابوری و رۆشنبری یەکانی ئەمریکاو عێراق بەردەوام بوو.

**وشە سەرەکیەکان:** سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا-پەیوەندی یەکانی ئەمریکاو عێراق-جەنگی سارد-هاتنی حیزبی بەعسی عێراق لە دەسەلات.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پێشەكی:

ویلایەیەته یەكگرتووەكانی ئەمریكا,هەرلەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە,بەشێوەیەكی بەرچاو بایەخی تایبەتی بەدروستكردنی پەیوەندی یە سیاسی و رۆشنبیری و ئابوری یەكانی لەگەڵ ولاٌتانی رۆژهەلاٌتی ناوەراست بە گشتی وعێراق بە تایبەتی داوە.هەرچەندەهەبونی داگیركاری بەریتانی لەعێراق ,وابەستەیی بنەماڵەی پاشایەتی عێراق بەبەریتانیاوكۆنترۆلكردنی سیاسەتی دەرەكی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە رێگربون لە دروستكردنی ئەم پەیوەنییانە,بەلاٌم ئەمریكا بەردەوام هەوڵی نزیكبونەوەی لەعیراق دەدا,بەهۆی گرنگی عێراق لەروی سامانی نەوت وپێگەی گرنگی ستراتیژی لەناوچەكە.لەسالانی ١٩٥٨–١٩٦٣,بەهۆی دژایەی عبدالكریم قاسم سەرۆكوەزیری عێراق بۆئەمریكا,پەیوەندیەكانی ئەمریكاوعێراق بەردەوام لە ئاڵۆزیدابون.بەلام لەدوای هاتنی بەعسی و قەومیەكان بۆدەسەلاٌت لە سالاٌنی ١٩٦٣–١٩٦٨,بەگشتی پەیوەندیەكان ئاسایی بون وسیاسەتی ئەمریكی بریتی بووە,لەنزیكبونەوەی لە عێراقو بەرقەراركردنی ئاشتی و دروستكردنی پەیوەندی ئابوری و نەوتی لەگەڵ عێراقودورخستنەوەی عێراق لە سۆڤیەت.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە,بەبەكارهێنانی چەندین بەڵگەنامەو سەرچاوە بەزمانی جیاوازهەوڵدەدات,سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر بەعێراق لەم ماوە مێژووی یەدا شیدەكاتەوە.

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیە,پشت بەستراوە بەهەردوو میتۆدی گیرانەوەوشیكاری,ئەمە جگەلەوەی هەندێكجار میتۆدی بەراوردكاریش بەكارهاتووە.

توێژەر لەكۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێك و لەكۆتایی توێژینەوەكەدا ئاماژەیان پیكراوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە,نیشاندانی سیاسەتی ئەمریكایە بەرامبەر بە عێراق و ئاشكراكردنی بۆچونی ناوەندی سیاسی ئەمریكایە بەرامبەر بەدەوڵەتی عێراق و كیشە ناوخۆیی ودەرەكیەكانی ئەم ولاتە.لەلایەكی ترەوە رونكردنەوەی هەوڵەكانی ئەمریكایە بۆگۆرینی سیستمی حوكمرانی لەعێراق لەسیستمێكی نزیك لەسۆڤیەتەوە بۆ سیستمێكی نزیك لەخۆی.

**پێكهاتەی توێژینەوە:**ئەم توێژینەوەیە,لە پێشەكی و سێ باسی سەرەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە.باسی یەكەمی تەرخانكراوە بۆ شیكردنەوەی رۆڵی ئەمریكا لە ئەنجامدان و سەرخستنی كودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣.لە باسی دووەمدا,باسی سیاسەتی ئەمریكا كراوە بەرامبەر بەعێراق,لەدوای كودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣,كە سەردەمی حوكمی عبدالسلام عارفە,تاوەكو دەستپێكی حوكمی عبدالرحمن عارف.هەرچی باسی سێ یەمە,تەرخانكراوە بە سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر عێراق,لەماوەی حوكمرانی عبدالرحمن عارف,تاوەكو هاتنی بەعسیەكان بۆسەر دەسەلاٌت لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## باسی یەکەم:ڕۆڵی ئەمریکا لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣:

بەهۆی دژایەتیەکانی قاسم بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا,لەماوەی دەسەڵاتیدا(١٩٥٨-١٩٦٣), کەلەم ماوەیەدا ببوە گەورەترین بەربەستی ئەمریکا لە عێراق, ئەمە جگە لەرۆڵی قاسم لەفراوانبونی بیری شیوعیەت و هەژمونی سۆڤیەت.هەربۆیە ئەمریکا هەمووهەوڵێکیدا بۆ ڕوبەروبونەوەی.ئەم فاکتەرانەی‌باسکران,ڕێخۆشکەربون بۆئەوەی ئەمریکا ,بە هەرنرخێک بێت هەوڵی لابردنی قاسم بدات لە دەسەڵات.لەم چوارچێوەیەشدا ئەمریکا پەیوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣, وەکو یەکێک لە سەرسەخترین نەیارەکانی قاسم دروستکرد.

یەکێک لە دیارترین بەڵگەکان بە تێوەگلانی ئەمریکا, لە کودەتا بەسەر عبدالکریم قاسم, ئەویاداشتەبوو کە لەشەوی کودەتا لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی درا بە جۆن کەنەدی, کە لەبرگەی کۆتایی ئەوە باسکرابوو ,کە ئەمریکا بەرێگەی نا فەرمی لەگەڵ گۆڕانی دەسەلاتە لە عێراق,بەلاّم ئەوکاتە دەسلاّتدارانی ئەمریکا,گومانیان هەبووە, کە ئەم پلانە جێ بەجێبکریت هەروەها ترسیان لە بەریتانیا هەبوو بیقۆزێتەوە(الشویلی, ٢٠١٨,ص٣٠).

بابەتی تێوەگلان وبەشیداریکردنی ئەمریکا, لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣,هێشتا جێگەی مشتومرە,چونکە هێشتا دوای تێپەربونی ٥٦ ساڵ بەسەر ئەم ڕوداوەدا,ئەمریکا نکوڵی دەکات, لە بەشداریکردنی و زانیاری و بەڵگەکان ناخاتەبەردەست.بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا نوسەرێکی وەکو (سعید ابو ریش),بە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین بەرپرسی بەعس و بەرپرسانی پێشوی ئەمریکا ئەوکات,گەلێک زانیاری لەزاری ئەم بەرپرسانەوە لەسەر ڕۆل و بەشداریکردنی ئەمریکا, لەم کودەتایە خستەڕوو[1].

تا ئیستا ئەوەی لەسەر پەیوەندیەکانی ئەمریکاو حیزبی بەعس نوسراوە,زانیاری ورد نین, چونکە بەڵگەنامە نهینیەکانی ئەمریکا باسیان نەکردووە.زانیاریەکان زیاتر شیکردنەوەو دانپێدانانی سەرکردەکانی بەعس و ئەوانەیە کە لەدەزگای هەواڵگری ئەمریکا کاریان کردووەو دواتر خانەنشین کراون و هاتون لە ڕۆژنامەکان باسی ئەوپەیوەندیەیان کردووە.بەڵام ئەگەر ئەم پەیوەندیە لە بەڵگەنامەکان باسنەکرابێت,واتای ئەوە نیە کە ئەم پەیوەندیە بونی نەبووە.دەشێت ئەمریکا نەیەوێت تا ماوەیەکی دورودرێژ بەم پەیوەندی یە بزانرێت.

---

[1] Said Aburish, A brutal friendship:The Weest and Arab Elite,St Martin press,New York,1997:بۆزانیاری زیاتر بڕوانە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەلایەکی ترەوە,لە سەرهەڵدانی کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣,ئیدارەی ئەمریکا, زانیاری تەواوی لەسەر هەبووەوتەنانەت هەندیک بۆچون پێیانوایە,ئەمریکا رۆڵی کاریگەری بینیوە لە هاتنی بەعسیەکان بۆسەردەسەڵات, بە پیدانی یارمەتی دارایی و سەربازی و هەواڵگری بە سەرکردەی کودەتاچیەکان(Con, 2007,p39)

پرسیاری جەوهەری ئەوەیە ئایا بەعس و ناسریەکان. توانای ئەوەیان هەبوو بێنە سەر دەسەڵات بە بێ پالپشتی دەرەکی؟ بە سەرنجدان لە پێگەی جەماوەری بەعس لەسەرەتای شەستەکانداو بە بەراوردکردنی, لەگەڵ حیزبەکانی تر,زۆر قورسبوە بە بێ پاڵپشتی دەرەکی بتوانێت دەسەڵات وەربگرێت.بۆیە یارمەتیدانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بۆ هاتنە سەردەسەڵات ئەگەرێکی بەهێزە.

یەکێک لەوکەسانەی هەرزوودرکی بە پەوەندی نێوان دەزگای هەواڵگری ئەمریکاو بەعسیەکان کرد,عبدالکریم قاسم بوو. تەنانەت بەر لەئەنجامدانی کودەتاو هاتنی بەعسیەکان بۆسەر دەسەڵات, زۆرجار لە بۆنەکاندا بە ئاشکرا باسی دەسوەردانی ئەمریکاو بەریتانیاو کۆمپانیاکانی نەوتی کردووە لەکاروباری ناوخۆی عیراق و بە مەترسی لەسەر کۆماری عێراقی لەقەڵەمدابون(البوتانی, ٢٠٠٧,ل ٣٧٦).

بەڵگەیەکی تر کە پاڵپشتی رۆڵی ئەمریکا دەکات لە کودەتاکە,تالیب شبیب رایگەیاندوە کە احمد حسن بەکر, رۆژێک بانگی جەمیل سەبری سەرکردەی بەعسی کردووە.و داوای لێکردووەهەمووڕۆژانی شەممە لەگەڵ یاریدەدەری پاشکۆی سەربازی کونسولخانەی ئەمریکی لە عێراق کۆببێتەوە(الفکیکی,١٩٩٣,ص٢٦٩)؛(رسول,٢٤١،٢٠٠٥).

هەروەها لێدوانی مەلیک حوسێنی ئوردن,لەگەڵ محمد حسنین هەیکەل, بۆ ڕۆژنامەی الاهرام ی میسری ,دەربارەی بەشداریکردنی ئەمریکاو یارمەتیدانی بەعس لە کودەتای ٨ی شوبات.یەکێکی ترە لە بەڵگەکانی بەشداری ئەمریکا لەم کودەتایە(رشید,بغداد,٢٠٠٢).زیاتر لەوەش, (جیمیس اکینز),کە کارمەندی باڵویزخانەی ئەمیکا بووە ,لە کاتی کودەتاکە,لە لێدوانیکی بۆ تەلەفزیۆنی BBC,باسی لە رۆڵی ئەمریکا کردووە, لەکودەتاکەو تەنانەت زۆربەی بەرپرسانی بەعسیش ئاگاداربون بە بەشداریئەمریکا(الشیخ ,ص١٢٨)؛(البوتانی,ص٣٧٨)

بەر لەکودەتاکەش بەناوبانگترین دروشم لە ناوەندی سیاسی ئەمریکا(مردن باشترە لە شیوعیەت),لەناوەندی سیاسی و میدیایی ئەمریکا باوبوو,کە بۆیەکەمجار ئەفسەرێکی ئەمریکی (دافیدهوکورت)باسی کرد,لە یاداشتەکانیدا باس لەوەدەکات .کە ئیدارەی ئەمریکی ئامادەبووە,پەیوەندی لەگەڵ هەر حیزب وریکخراوو گروپێک ببەستێت,بە بێ گوێدانە پاشخانی ستەمکاری ودیکتاتۆری ئەم حیزبە,تەنها مەرج ئەوەبووە ,دژایەتی شیوعیەت بکات.ئەم ترسەی ئەمریکا لە شیوعیەت کاتێک زیادیکرد,کە قاسم پەیوەندیەکانی لەگەڵ سۆڤیەت بەهێزکردو چەندین پۆستی لە حکومەت بە شیوعیەکان بەخشی(السعید,٢٠١٣,ص٨٥).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دوای کودەتاکە,ملبۆرن لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا,سەردانی وەزیری دەرەوەی عێراق طالب شبیب دەکات و دان بە سیستمی کودەتاچیەکاندا دەنێت(االبیاتی,٢٠٠٠.ص٤٢).

بەپێی بەشێک لە سەرچاوەکان,یەکێک لە ئەڵقەکانی پەیوەندی نێوان ئەمریکاو بەعس,(ایلیا زەغیب)[2]ی لوبنانی بوو,کە.بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم بابەتە,(هانی فەکیکی)لە کتێبەکەی ئاماژە بەوەدەکات,لەدوای کودەتای ٨ی شوبات, لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی بەرگری و ژوری نوسینگەی قاسم,دۆسیەی تایبەت لەسەر ایلیا دۆزراوەتەوە,باس لە پەیوەندی ایلیا بە بەحیزبی بەعس و ئەمریکاوە دەکەن ودەزگای هەواڵگری عێراقی سەردەمی قاسم, پێشنیاری گرتن یان دورخستنەوەی بۆ ایلیا لای قاسم کردووە,بەلام قاسم تەنها پێباشبووە چاودێری بکرێت(هانی الفکیکی واوکار الهزیمە,تجربتی فی الحزب البعپ العراقی,ریاچ الریس للکتب والنشر,١٩٩٣,ص ص ٢٦٩–٢٧٠)؛( البوتانی, ص ص ٣٧٦–٣٨٠).

خالی لاوازی قاسم بێدەنگبون وکەمتەرخەمی بووە, بەرامبەر ایلیا, هیچ هەنگاوێکی لەدژ نەناوەو گوێی بە مەترسیەکانی هەواڵگری عێراق نەداوە,لە کاتێکدا لەبەر مەترسی بەعسیەکان, پێش کودەتا چەندین بەعسی دەستگیرکردوخانەنشینی کردن.

سەرەڕای ئەوەش,هەواڵگری ئەمریکا ئاگاداری وردەکاری وهەنگاوەکانی کودەتا بووەو لە ڕێگەی تۆڕیکی پەیوەندی لە کوێتەوە,ڕێنمایی پێویستی داوە بە سەرانی کودەتا((Moris,New York Times,March 14,2003

ئەوەی شایەنی باسە,ئەمریکا بەهۆی گۆرانی حوکمرانی قاسم بۆ بەعس چەندین سودی بینی:

لەروی ئابوری یەوە, بە گەرانەوەی کۆمپانیا نەوتیەکانی و ناردنی کالاو فرۆشتنی چەک بە عێراق قازانجیکی زۆری کرد.نەهیشتنی نفوزی سۆڤیەت و هێنانی حوکمێکی تازەی هاوپەیمانی,ئەمە جگە لەدروستکردنی شانەی هەواڵگری لە عێراق و سیخوریکردن بەسەر سۆڤیەت لەناوچەکە.تەنانەت حازم جەوادی وەزیری ناوخۆی عیراقی سەردەمی بەعس,باسیکردووە.لەدوای کودەتا ئەمریکا ویستویەتیپشکنین و لێکۆلینەوە لەسەرتوانای چەکەکانی عێراق بکات ,کە دروستکراوی سۆڤیەت بون و لەسەردەمی قاسم بە عێراق فرۆشراون.(بروبس تایلەر),یەکێک بووە لە فەرمانبەرانی سەربازی ئەمریکا ,لەلایەن (احمد حسن البکر وصالح مهدی عەماشەوە) نێردراوە,دواتر ئەم فەرمانبەرە پشکنینی بۆچەکەکانی سۆڤیەت(t54-t55)و فرۆکەی میچ 21کردووە, کە دروستکراوی سۆڤیەتن(جواد ,٢٠٠٣,ص٧٤).

---

[2] مامۆستای زانکۆی ئەمریکی بوولە بەیروت,کە شارەزای کاروباری عێراق وهاورێی نزیکی میشیل عەفلەقی دامەزرێنەری بەعس بوو.پێش کودەتاکە ایلیا وەکووانەبێژ لە زانکۆکی بەغداد کاریکردوەو سەرکردایەتی بەعس لە ڕێگەی ئەمەوە, پەیامەکانی لەدەرەوە بۆهاتووەهانی الفکیکی واوکار الهزیمە,تجربتی فی الحزب البعث العراقی,ریاض الریس للکتب والنشر,١٩٩٣,ص ص ٢٦٩–٢٧٠)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**باسی دووەم: سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر بە عێراق ,لەدوای كودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تاوەكوهاتنی عبدالرحمن عارف:**

لەدوای كودەتای ٨ی شوبات, ئەمریكا یارمەتی سەربازی د ا بە كودەتاچیەكان ولە ئازاری هەمان ساڵدا, چەندین چەك ودەبابەی پێدان,كە لەشەڕەكانی باكوری عێراق بەكارهاتن,ئەمە جگە لە مەشقپێدانی ئەفسەرانی عێراق لەوكاتە (Frus,1962-1963,vol xviii,mempranudm from the Sannders of the national security council staff to the presidents special assistance for national security affairs,Bandy,wahsington,april 2,1963,p388)دواتر,ئەمریكاوعێراق باڵویزەكانیان لە واشنتۆن و بەغداد دامەزراند(الزیدی,ص٧٧).

لەدوای لەناوبردنی قاسم,كاری دووەمی ئەمریكا بە بەعسیەكان , لەناوبردنی شویعیەكان بووە,كە ئەمە ئامانجی سەرەكی كودەتابووە.بۆیە لە ڕۆژانی كودەتا ئەمریكا, لیستی ناوی سەركردەوكەسایەتیەكانی شیوعی داوە بە بەعسیەكان, بە مەبەستی لەناوبردنیان.ئەوەبوو سەدان سەركردەوكەسایەتی شیوعی لە رۆژانی كودەتا ,لەلایەن بەعسەیەكانەوە لەناوبران(مروان, ١٩٨٩وص ٦٥).

یەكێكی تر لە یارمەتیەكانی ئەمریكا بۆ كودەتاچیەكان.لەدوای كودەتاكەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣,ئەمریكا بە شێوەیەكی ناراستەوخۆ,داوای لە هاوپەیمانەكانی كرد,كە دان بە حكومەتی تازەی كودەتاچیەكاندا بنێن,بەهۆی ئەوەی دژی سۆڤیەت و بیری شیوعیەتە.ئەوەبوداوای لە سەرجەم باڵویزخانەكانی لە رۆژهەلاتی ناوەراست كرد,كە مامەڵە لەگەڵ حكومەتی تازەی عێراقدا بكەن.تەنانەت لە دووەم ڕۆژی كودەتاكە,كۆبونەوەی بەرپرسانی ئەمریكی وكودەتاچیەكان ئەنجامدراوە.

لەكۆتایدا لە ١١ی شوباتی سالی ١٩٦٣,وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا,دانی بە حكومەتی عێراقدانا بە مەرجی پاراساتنی هاولاَتیانی ئەمریكی لە عیراق و پاراستنی بەرژەوەندی یە ئابوریەكانی ئەمریكا لە عێراق,دواتر داوای لە توركیاو ئێرانیش كرد,دانبنێن بە دەوڵەتی تازەی عێراق( F.R.U.S,1962-1963,near east,vol XVIII,memorandum from the secretery of state Rusk to president Kennedy,Washington,February 9,1963)

لەدوای كودەتای ١٩٦٣,یارمەتی ئابوری و كشتوكالی عێراقی داوەوكالاَی ئەمریكی ناردە عێراق(سنان الزیدی,ص ٢٣٠).

لەڕوی سەربازیشەوەئەمریكا,لەدوای كودەتای ١٩٦٣ سودی زۆری لەعێراق بینی, بە فرۆشتنی چەك,كە پێشتر عیراق چەكی لە سۆڤیەت دەكری.بۆیە ئەمریكا هەموو هەوڵیكی ئەوەبووكە عێراق چەكی لێبكرێت تاوەكو لەخۆی نزیكبكاتەوە,هەر بۆیە پلانی دانا كە چەند پۆلیسێكی عێراقی بردە ئەمریكا بۆ مەشق و راهێنان( F.R.U.S,memorandum from the department of state,exclusive,


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

secreteres,(Brunack),to the presidents special assistance for national security affairs(Bundy),Washington,February 13,1963,p344.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ,جۆن کەنەدی یاداشتێکی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ناردوپرسیاری ئەوەی لێکردن پلانی داهاتوو چی دەبێت کاتیک سۆڤیەت لە ئێستادا ناتوانێت یارمەتی سەربازی عیراق بدات؟ئایا دەشێت ئەمریکا لەمەودوا یارمەتی سەربازی عێراق بدات؟( F.R.U.S,memorandum from president Kennedy to the Rush,Wahsimgton,February 18,1963,p362).

هەروەها کۆمەر لە بروسکەیەکدا بۆ جۆن کەنەدی لە ٢٠ی شوباتی ١٩٦٣,بە پێویستی زانیوە,کە ئەمریکا پێداویستیە سەربازیەکانی عێراق لە چەک وئامێرە جەنگیەکان دابینبکات ومەشق بەسوپای عێراق بکات.هەربۆیە کۆمەر پێشبینی کردووە, لە ماوەیەکی نزیکدا عێراق ,لیستی پێداویستی یەکان, لە چەک و تەقەمەنی دەنێریت بۆئەمریکا( F.R.U.S,memorandum,from Robert W Kommer of the national security staff to the president Kenneddy,Washington,February 20,1963.P344).

لەدوای دانپێدانانی ئەمریکا بە حوکمی کودەتاچیەکان,ئەمریکا دەیویست, پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق زیاتر بەهێزبکات, بۆماوەیەکی درێژخایەن, دەسەڵات وهەژمونی خۆی لەعێراقدا بهێڵێتەوە.بۆیە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری,یارمەتی عێراقیدا.لە روی سیاسی یەوە بەدانانی باڵوێزیکی نوی و بەهیزکردنی پەیوەندیە دوقۆلیەکان وبەڵێنی دەستوەرنەدان لەکاروباری عێراق.لەروی رۆشنبیری یەوە,مەشقپێکردنی مامۆستایانی زانکۆوخاوەن بروانامەکانی عێراق لە ئەمریکا بەپێدانی زەمالە.لەروی ئابوریشەوە ,ناردنی زیاتری کالاوکۆمپانیای ئەمریکی و پسپۆری تەکنکیی, بەتایبەتی لەبواری نەوت,پەیوەنی یەکانی لەگەڵ عێراق بەهێزکرد( F.R.U.S,1962-1963,near east,vol XVIII,memorandum from the secretery of state Rusk to president Kennedy,Washington,February 22,1963 ).رۆژنامەی جەماهیر لە ٥ی تەموزی ١٩٦٣,باسی دیداری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ طالب شبیبی وەزیری دەرەوەی عێراق کردووە لە نیوۆرک ,لە پەراوێزی کۆبونەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان و باسی یارمەتی ئابوری وسەربازیئەمریکا بۆ عێراق ودورکەوتنەوە لە هەژمونی سۆڤیەتکراوە(جریدە جماهیر,عدد ١٣٣,بغداد,٥ تەموزی ١٩٦٣).

زیاتر لەوەش جۆن کەنەدیسەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند,کە عێراق شایەنی بایەخپێدان و یارمەتیدانە,بەهۆی پێگەی سیاسی وجوگرافی و شارستانیەتی.بۆیە لە کۆبونەوەی لەگەڵ کۆمەر یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە, لە ٢ی تەموزی ١٩٦٣,باسی یارمەتیدانی عێراقی کردووە,تاوەکووەکودەوڵەتیکی سەربەخۆ دەربکەوێت و دوربکەویتەوە لە هەژمونی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

سۆفیەت.هەروەها باڵوێزی ئەمریكا لە عێراق, ستۆرەنج زۆرچالاک بوو,لە گۆڕەپانی سیاسی ێراقدا,بەوەی بەردەوام کۆبونەوەی دەکرد لەگەڵ بەرپرسانی عێراق, بە مەبەستی بەدەسهێنانی پشتگیری بۆ وڵاتەکەی, بۆ دژایەتیکردنی سۆفیەت.هەربۆیە ئەمریكا دەیویست لە چەندین رێگەی جیاوازەوە ,سەرنجی عێراق رابكێشێت, بە مەبەستی پشتگیریكردنی سیاسەتی ئەمریكی لەناوچەکە,ئەوەبو پارەی ڤیزای چونە ئەمریكایان لەسەر هاولاتیانی عێراقی هەڵگرت.تەنانەت جۆنسۆنی سەرۆكی ئەمریكا,بە بۆنەی یادی شۆرشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨,پیرۆزبایی لە عبدالسلام عارف كرد و بەرپرسانی ئەمریكاش,سەردانی باڵویزخانەی ئەمریكیایان لە واشنتۆن كرد, بە مەبەستی گەیاندنی پیرۆزبایی(فتاح, ٢٠١٥, ص ص ٢٠٧-٢١٠).

سیاسەتی ئەمریكا لەسەردەمی دەسەڵاتی عبدالسلام عارفدا جیێگرنەبووبەرامبەر عیراق.بەڵكوبە پێی ڕوداوو پیشهاتەکان وبەرژەوەندیەکانی ئەمریكا گۆڕانكاریان بەسەردا دەهات.كاتێک عبدالسلام عارف,لە ١٨ی نۆفەمبەری ١٩٦٣,لەکودەتایەکدا بەعسیەکانی دورخستەوە,بەلای ئەمریكاوە لاچونی بەعسی هاوپەیمانی لەدەسەڵات و كۆنترۆلكردنی دەسەڵات لە لایەن عبدالسلام عارف, بە شێوەیەکی تاكلایەنە,كە مەیلی نەتەوەیی هەبوو,لەسەرەتای هاتنیدا,باسی لە باشتركردنی پەیوەندی عێراقی كرد لەگەل میسرو سۆڤیەت,جیگەی نیگەرانی و شكستێكی گەورەبوو( F.R.U.S,1962–1963,near east,vol XVIII,memorandum from the director defence intelligence agency (Qunin)tosecreatery of defence Machmara,Washington,November,18,1963)

بەلام ئیدارەی ئەمریكی, نەیویست دژایەتی ئەم دەسەڵاتە تازەیە بكات.بەتایبەتی, وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا, داوای لە باڵوێزیەکەی كرد لە بەغداد,كە هیچ لێدوانیک لە دژی ئەم كودەتایە نەدات( F.R.U.S,1962–1963,near east,vol XVIII,circular telegram from the department of state to certain posts,,Washington,November 21,1963)

هەرچەندە عبدالسلام عارف, بەعسیەکانی لەدەسەڵات لەدوای چەند مانگێک لە کودەتای شوباتی ١٩٦٣ دورخستەوە,بەڵام پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریكا, لەروی سیاسی و ئابوری گەشەیێیدا.بۆ ئەم مەبەستە, چەندین رێكەوتنامە لەنیوان هەردوودەوڵەت مۆركران( Majid Khadduri,Socialist Iraq, s study in Iraqi politics since 1968,Washington,the middle east inistitute,1978,pp25–26.)

هەرلەسەردەمی دەسەلاتی عبدالسلام عارف,جۆنسۆن دەبێتە سەرۆكی ئەمریكا,لە یەكەمین لێدوانیدا پشتگیری ولاتەكەی بۆ ئیسرائیل دەربری و هۆشداری توندی دایە ولاتانی عەرەب, لە دژایەتیكردنی ئیسرائیل ,بەمەش بەرپرسانی عێراقی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

له ئەمریکا نیگەرانکرد( F.R.U.S,1964-1968, ,vol XII,memorandum of conversation,Washington,April 20,1964).

بۆرەواندنەوەی نیگەرانی ولاتانی عەرەب و عێراق,(تالبۆن)یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا,سەردانی ولآتانی عەرەب و عێراقی کرد.ئەوەبوو تالبۆن ,دلناییدا له هاوسەنگی ئەمریکا له کێشەکانی عەرەب-ئیسرائیل و پاراستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراق.هاوکات داوای له عێراق کرد,کە کێشەی کورد به ئاشتی چارەبکات و پەیوەندییه ئابوری و رۆشنبیریەکانی نێوان ئەمریکاوعێراق بەردەوامیان هەبێت( F.R.U.S,1964-1969, ,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,March 24,1964)

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی ناردنی ئەم شاندەی ئەمرکیا بۆ عیراق ئەوەبوو,تاوەکو لێدوانەکەی جۆنسۆن ,نەبێتەهۆی پچراندنی پەیوەندیەکانی ئەمریکاو عیراق, هەروەها نیگەرانیەکانی عێراق نەهێڵێت و دلنیایی بدەن, کە سیاسەتی ئەمریکا هەروەکوخۆیەتی و لەدوای هاتنی جۆنسۆن گۆرانکاری بەسەردا نەهاتووه.

لەسەر بنچینەی تێروانینی نێردراوانی ئەمریکا بۆ عێراق,ئەمریکا بریاریدا سیاسەتێکی تازەوجیاواز بەرامبەر به عێراق پەیرەوبکات.بۆیه وەزیری دەرەوەی ئەمریکا, نامەی سوپاسگوزاری بۆ وەزیری دەرەوەی عێراق نارد,کە پێشوازی له وەفده ئەمریکیەکە کردووەو داوایکرد گەشەپێدانی پەیوەندیەکانی ئەمریکاو عێراقی کرد,رایگەیاند کە له نیگەرانیەکانی عێراق تێدەگەن له کێشەی عەرەب-ئیسرائیل, بۆیەهەوڵدەدەن سیاسەتێکی دادگەروهاوسەنگ بەرامبەر ئەم بابەته پەیرەو بکەن( F.R.U.S,1964-1968,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,March 24,1964)

## باسی سێ یەم:سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لەسەردەمی عبدالرحمن عارف ١٩٦٦-١٩٦٨

لەدوای دەستبەکاربونی عبدالرحمن عارف,هەرزووسۆڤیەت دەستپێشخەری کردوو پیرۆزبایی لێکردوخۆی لێ نزیککردەوه.بەڵام ئەمریکاش تەماشاکەرنەبوو,ئەویش هەوڵیدا سەرنجی عبدالرحمن بۆلای ئەمریکا رابکێشێت.ئەوەبوجۆنسۆنی سەرۆکی ئەمریکا, پیرۆزبایی له عبدالرحمن عارف کردو له ١٤ی مەی ١٩٦٧,دانینا به دەسەڵاتی عبدالرحمن عارف,سێ رۆژ دواتر باڵویزی ئەمریکا له بەغداد,سەردانی عبدالرحمن عارفی کرد, به مەبەستی پیرۆزبایی وداوای پێشخستنی پەیوەندیه ئابوری ورۆشنبیریەکانی نێوانیانکردوستایشی عبدالرحمن عارفی کرد,بە مەبەستی دەستپێیکردنی هەوڵەکانی ,بۆچارەسەری کێشەی کورد,داواشی لێکرد,بەهەمان شێوە کێشەکانی عێراق لەگەڵ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئێران چارەسەربكات( F.R.U.S,1964-1969, ,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,March 17,1966)

عبدالرحمن عارف,بە پێچەوانەی عبدالسلامی برای,لەڕوی بەریوەبردن وڕوبەڕونەوەی ئاریشەکان لاوازبوو,بەتایبەت لە بڕیاردان لەبارەی بابەتە هەستیارەکان چ لە ناوخۆ یان دەرەوە,ئەمەش وایکرد لە دەرەوەی عیراق ململانێی ئەمریکاو سۆڤیەت لە عیراق ,توندتربێت ولەناوخۆش هەژمونی سوپاو عەرەبە نەتەوەییەکان زیاتربێت.بۆیە هەرزووئیدارەی ئەمریکی درکی بە لاوازی دەسەلاتی عبدالرحمن عارف کرد,کە ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق بپارێزێت.

لەکابینەکەی عبدالرحمن البزاز و لە سەردەمی عبدالرحمن عارفدا,کاتێک رایانگەیاند,کە ئامادەن کێشەی کورد چارەسەربکەن ولەوکابینەیەدا پلانی چارەسەرکردنی دانراوە,ئەمریکا پیشوازی لەم بریارە کرد(F.R.U.S,1964-1969, ,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,July 2,1966)

دەشێت هۆکاری پشتگیری ئەمریکا بۆ چارەسەرکرنی کێشەی کورد لەوکاتەدا,ترسی ئەمریکا بوبێت لە بلاوبونەوەی بیری شیوعیەت, لەناو بزوتنەوەی کوردی و نزیکبونەوە لە یەکیتی سۆڤیەت.

کاتێک عارف عبدالرزاق هەوڵی لابردنی عبدالرحمن عارفیدا, لە رێگەی ئەنجامدانی کودەتایەک وشکستیهێنا,ئەمریکا لەگەل لاوازی عبدالرحمن عارفیش,پێی باشنەبووله دەسەڵات لابچێت.بۆیە لە ڕێگەی بالویزەکەی پیرۆزبایی لە عبدالرحمن عراف کرد,بەبۆنەی شکستپێهینانی کودەتاکە,هەروەها نیگەرانی خۆشی دەربری, لەهەر هەوڵێکی گۆڕانی دەسەلات لە عێراق, بە شیوەی کودەتاوتوندوتیژی( F.R.U.S,1964-1969, ,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,July 2, ,1966)

لەبارەی هەڵوێیستی ئەمریکا بەرامبەر کێشەکانی عێراق لەگەل ئیرانیش, باڵویزی ئەمریکا,رەتیکردەوە کە فشاربخاتە سەرئێران,بەهۆی دۆستایەتی وپەیوەندی پتەوی ئەمریکاوئێران لەوکاتەدا,کاتێکیش عێراق, ئیرانی تۆمەتبارکرد بەهۆی یارمەتیدانی بۆکورد, باڵویزەکە رایگەیاند. یارمەتییەکانی پێشوتری ئیران بۆکوردەکان سنورداربون.ئەوەی کاریگەری گەورەی لەسەرکوردهەبووە,یارمەتیەکانی سۆڤیەت بووە,کەئەوە مەترسیەکی گەورەیە بۆسەر ئاسایشی عێراق بەوپێیەی یەکیتی سۆڤیەت, هەر لەکۆنەوە هەوڵی گەیشتنی بە کەنداوی عەرەبی داوە(زویب,٢٠١٠ ص ١٤٩)

هەرچی پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە, دەربارەی پرچەک کردنی عێراق,ئەمریکا چەندین کۆتوبەندی بەسەر پرچەککردنی عێراقدا سەپاند,وەکو لایەنگیری بۆ ئیسرائیلیش, ئەم وڵاتەی بە چەندین چەکی نوێ و پیشکەوتو پرچەککرد,تەنها ئەوچەکانەی دەدایە وڵاتانی عەرەبی, کە زیاتر بۆبەرگریکردن بوون.لەیەکی ترەوە,لە ١ی تەموزی ١٩٦٦,وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا,کۆمەڵێک ڕینمایی دەربارەی پرچەککردنی عێراق دەرکرد,کە تیایدا هاتبوو,ئەمریکا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئامادەیە چەكی قورس و سوك و بەرگریكردن, بە عێراق بفرۆشیت وەكوتانك وكەشتی جەنگی, بەلام ئەمریكا, پارەی نەقدی دەوێت و ئامادەنیە هۆكارەكانی گواستنەوەی چەكەكان دابینبكات و بەر لەفرۆشتن راوێژی پێشوەختە بە ئێران و توركیا دەكات.

كاتێكیش عێراق لەگەڵ بەریتانیاوفەرەنسا خەریكی مامەڵەی كرینی چەك بوو,وەزارەتی دەرەوە ئەمریكا, لە ١ی تەموزی سالی ١٩٦٦,لەئاگاداریەكدا فرۆشتنی چەكی قورسی بە عێراق بە مەترسی زانی ,بەهۆی ئەوەی ئاسایشی كەنداوو بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا لەناوچەكە دەخاتە مەترسیەوە, F.R.U.S, VOl. XXI,1968-1972 DOC 181, 1964 ( Cireular Telegram From The Department Of State, The Embassy In Iraq Subject U.S.Arms Policy for Iraq Washington, 1 July, 1966 , P.80 . )

لەلایەكی ترەوە بەهۆی هەبونی مەترسی لەسەر كوێت وئەگەری بەكارێینانی ئەم چەكانە لەدژی كوێت لەئارادابوو,چونكە لەسەرەتای هاتنی عبدالرحمن عارف,عێراق وكوێت بەردەوام كێشەی سنوریان هەبوو.( العنزي ، 2005 ، ص68)

جاریكی تریش ئەمریكا پرچەككردنی سوپای عیراقی رەتكردەوە بە چەكی پیشكەوتو,كاتێك سەرۆكی ئەركانی سوپای عێراق وچەندسەركردەیەكی سەربازی عێراق,لە كانونی دووەمی ١٩٦٧,سەردانی ئەمریكایان كردبۆمەبەستی كڕینی چەك

(F.R.U.S, VOl. XXI 1964-1968,DOC 188, Memorandum From The President's Special Assistant (Rostow) to President Johnson Subject Gift and Message 69 from Iraq's President P.87 .,Washington,January21, 1967)

## هەڵوێستی ئەمریكا بەرامبەر بە پەیوەندی حكومەتی عیراق وكۆمپانیاكانی نەوت:

دوای ئەوەی حكومەتەكەی ناجی طالب,توشی كێشەیەك بوو لەگەڵ كۆمپانیاكانی نەوت وسوریا لەكۆتایی ساڵی ١٩٦٦,لەسەر زیادكردنی باجی گواستنەوەی نەوت بە خاكی سوریادا,كە لەوكاتەدا لە ٧٠%ی نەوتی عیراق لەرێگەی سوریاودەریای ناوەراستەوە دەگەیشت بە بازارەكانی جیهان.ئەم روداوە كاریگەری نەرێنی لەسەر ئابوری عیراق وبەرژەوەندیەكانی ولاتانی ئەوروپاوئەمریكا دروستكرد(ماریونوبیتر سلوجت ,1993, ص١٢٥). ئەوەبو پرۆسەی نەوت ناردنی عێراق بۆ دەرەوە راگیراو عێراقیش فشاری لە كۆمپانیا نەوتیەكان كرد كە زیاتكردنی باجەكە بگرنە ئەستۆو ئەوانیش رازینەبون.

ئەمریكاش بەهۆی بونی كۆمپانیای نەوتیەكانی, پشگتیری لەكۆمپانیاكان دەكرد.,ئەم هۆكارە وایكردكۆمپانیا نەوتیەكان رێژەی بەرهەمهێنان و ناردنی نەوت كەمبكەنەوە.حكومەتی عێراق داوای لەكۆمپانیاكانی نەوت كردكە ,كە وەبەرهێنان و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ناردنی نەوت زیادبکەن,هەروەها مەرجەکانی سوریا جێبەجێ بکەن کاتێک دەستی بەسەر ئامێرەکانی کۆمپانیاکاندا گرتبوو لەناوخاکی سوریا.بەڵام عبدالرحمن عارف. لەگەڵ سیاسەتی هیمنکردنەوەوگفتوگۆبووبۆچارەسەرکردنی ئەم کشەیە, کاتێک سەردانی میسری کرد لە شوباتی ١٩٦٧ لەگەڵ جمال عبدالناصر,پێیانوابوو,کە دەبێت مافەکانی سوریا لەبەرچاوبگیرێت.بەڵام هێشتا حکومەتی عێراق سوربو لەسەر تۆمەتبارکرنی کۆمپانیاکان, بە دروستکردنی ئەم کێشەیە لەگەڵ سوریا تاوەکوعیراق دەستبەرداری مافەکانی بێت .لە کانونی دووەمی ,١٩٦٧حکومەتی عێراق داوایکرد لەماوەی مانگێکدا کۆمپانیاکان, ئەم کێشەیە چارەسەربکەن.بەمجۆرە ئەم کێشەیە لە ئازاری ١٩٦٧ بەکۆتاهات,کاتێک کۆمپانیاکان رازیبون باجی زیاتربدەنە سوریا(جعفر.٢٦٠،٢٠٠٤-٢٨٥).

کاتیک حکومەتی عێراقی فشارەکانی لەسەر کۆمپانیای نەوتی عێراقی(کە لە چەندین کۆمپانیای ئەمریکی وئەوروپی پێکهاتبون) زیادکردوڕایگەیاند, کە ئەوان لایەن نین لە کێشەکانی ئەم کۆمپانیایە لەگەل سوریاودەبێت کۆمپانیاکان, باجی تێپەروبونی نەوت بدەنە سوریا.بۆیە ئەمریکاوبەریتانیا هەستیان بەمەترسی کرد لەسەرکۆمپانیاکانیان,بەتایبەتی دوای کۆبونەوەی ناجی گالب لەگەڵ , بەرێوەبەری کۆمپانیای عێراقی. کە رایگەیاند عێراق لەم کیشەیە هیچ بەرپرسیاریەتیک هەڵناگریت( جريدة الثورة العربية، العدد (761)، 21/ كانون الاول / 1966 ).

گەورەترین ترسی ئەمریکا لەم کێشەیە ئەوەبوو,کە حکومەتی عێراق بە قسەی شیوعیەکان,نەوت خۆماڵی بکات وکۆمپانیاکانی خۆرئاوا لە عێراق دەربکات,داواکاری سۆڤیەت لە عێراق جێبەجێ بکات.هەربۆیە ئەمریکا عبدالرحمن عارفی داوەتکرد بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە سەردانی ئەمریکا بکات,بەلام نەخۆشکەوتنی جۆنسۆنی سەرۆکی ئەمیکا,سەردانەکەی دواخست( F.R.U.S,1964-1969, ,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,July 2, ,1966)

یەکیتی سۆڤیەتیش, ئەم کێشە ئابوریەی قۆستەوە, بەمەبەستی دروستکردنی مەترسی لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە عێراق.بۆیە لە رێگەی حیزبی شیوعی عیراقەوە ,رای گشتی وحکومەتی عیراقی هاندا,بەمەبەستی خۆماڵیکردنی نەوتی عیراق, لەدەستی کۆمپانیاکانی خۆرئاوا.ئەوەبووکاریگەری شیوعیەکانی عێراق لەسەر خەڵک, چەندین خۆپیشاندانی جەماوەری دروستکرد,کە داوای خۆماڵیکردنی نەوت ودەرکردنی کۆمپانیاکانی خۆرئاوایان دەکرد.کە تا رادەیەک بووەهۆی کەمبونەوەی کاڵای ئەمریکی لەعێراق( F.R.U.S,1964-1969, ,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,December 17,1966)

لەدوای ئەوەی حکومەتەکەی ناجی گالب, هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆخۆماڵیکردنی نەوت یان دروستکردنی فشار لەسەر کۆمپانیاکان,ئیدارەی ئەمریکی, هەوڵیدا لە رێگەی هاوپەیمانەکانی لە سعودیەوکوێت چارەسەر بۆئەم کێشەیە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بدۆزیتەوەودواتر داوای لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە قەرز,لە بانکی نێودەولەتی وبانکەکانی ولاتانی خۆرئاوا وەربگرێت( F.R.U.S,1964-1969, ,vol XII,airgram from embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,December 17,1966).

یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەری, بەشێک لە کۆمپانیاکانی ولاتەکەی لە چوارچیوەی کۆمپانیای نەوتی عێراقی بەشداربون,هەولی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیدا لەرێگەی بالویزەکەی لە عیراق,کاتێک گفتوگۆی لەگەل ناجی گالبی سەرۆک وەزیری عیراق کرد,بەمەبەستی گەیشتنە رێکەوتن لەگەل سوریا,تاوەکو زیان بە کۆمپانیاکانی ئەمریکا نەگات( F.R.U.S,1964-1968,vol XXXIV,Information memorandum from deputy assistance secetrtey of state for near eastern and south Asian Affairs(Handley) to secretery of state, ,Washington,February 1,1967)

لەکۆتایدا لە دوای سێ مانگ بەردەوامبون لە کێشەکە لە مارسی ١٩٦٧,بەهۆی فشارەکانی ئەمریکا,حکومەتی عێراق ناچاربوو بە پێدانی قەرەبوی کۆمپانیاکان و پێدانی باجی زیاتر بە سوریا, ئەەم رازیبونەش لە بەرژەوەندی سوریاو کۆمپانیا نەوتیەکانی خۆرئاوابوو,لە بەرامبەردا لە ئەستۆگرتنی باجی زیاتر, بە زیان لەسەر خەزێنەی عیراق تەواوبوو,ئەمە جگەلەوەی عێراقی زیاتر کردە پاشکۆی کۆمپانیاکانی نەوت(سلوجت,١٩٩٣,ص١٥٦).

بەتەواوبونی ئەم کێشەیە,ئەمریکا, سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا لەململانێی لەگەل سۆڤیەت,لەکاێکدا حکومەتی عێراقیش قەرەبوی گرتە ئەستۆ,سۆڤیەتیش هەرچەندە لە رێگەی حیزبی شیوعی عێراق هەولیدا,کە ئەم کەیسە لە بەرژەوەندی خۆی و شکستی ئەمریکا کۆتایی پێبهینیت,بەلام سەرکەوتونەبوو.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

## کاریگەری کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل لەسەر پەیوەندیەکانی ئەمریکاو عیراق:

کێشەی نیوان فەلەستین-ئیسرائیل یەکێک بووە لە گەورەترین لەمپەرەکانی بەرەوپێشچونی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو عیراق,بەهۆی پاڵپشتی سیاسی و ئابوری و میدیایی وسەربازی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل,وایکردبووچەندینجار بەرپرسانی عێراق,نیگەرانی لەلای ئەمریکیەکان دەرببرن.بۆ نمونە لە کۆبونەوەی ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٦ی نەتەوەیەکگرتوەکان,عەدنان پاچەچی وەزیری دەرەوەی عیراق, بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکای ڕاگەیاند,بەردەوامی یارمەتیدانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل, دەبێتەهۆی لاوازبونی پەیوەندەندیەکانی ئەمریکاو عیراق( F,R.U.S,telegram from the department of state, to the embassy in Iraq,subject:secretery meeting with Pachachi,October 8,1966,p.907)

لە بەلگەنامەیەکی ئەمریکی لە ٢ی نۆفەمبەری ١٩٦٦, باسی کۆبونەوەی لیژنەیەکی ئەمریکی کراوە,کە تایبەت بووە بە عێراق ,لەم کۆبونەوەدا خاڵە بەهێزو لاوازەکانی سۆڤیەت لە عێراق گەنگەشە کراوەو لیژنەکە چەندین پێشنیارو راسپاردەی پیشکەشکردووە, بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەژمونی سۆڤیەت لە عێراق. بۆ نمونە لیژنەکە پێیوابووە,یارمەتی ئابوری و سەربازی سۆڤیەت بۆ عیراق و یارمەتیدانی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل, یەکێکە لە گرنکترین خاڵە بەهیزەکانی سۆڤیەت لە عێراق.لە کاتێکداخۆنزیککردنەوەی بەرپرسانی ئەمریکی, لە خوێندەوارو ڕۆشنبیرانی عێراق و دەرفەتی رەخساندنی خوێندن و گەشتکردنیان بۆ ئەمریکا بۆیان, دەبێتە هۆی ڕاکێشانی ئەوانە, بەلای ئەمریکاو لاوازکردنی هەژمونی سۆڤیەت(هونەر, ٢٠١٥,ص ص ٢١٥-٢١٦).

بەهۆی پشتگیری ئەمریکا بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوکاریە ئابوری و سەربازیەکانی بۆئەم ولاتە,تورەیی ونارەزایەتیەکی زۆر لە ناوەندی سیاسی وجەماوەریەکانی عیراق بەرامبەر ئەمریکا دروستببوو(شذر,١٩٩٥,ص٨٣).

کاتێک ئەمریکا درکی بە مەترسی کرد,کە عێراق بریاری چونەشەریداوە لە دژی ئیسرائیل,هاوشان لەگەل کۆماری یەکگرتوی عەرەبی,باڵوزێخانەی ئەمریکا لە عێراق بروسکەیەکی بە پەلەی لە ٣١ی ئاداری ١٩٦٧ ,بۆحکومەتی وڵاتەکەی ناردولەم هەوڵەی عیراق ئاگاداریکردنەوە.

لەوکاتەدا ئەمریکا داوای چونی شاندی عێراقی کرد بۆ ئەمریکا,ئەوەبووعێراق وەفدێکی دیبلۆماسی بەسەرۆکایەتی عەدنان پاچەچی نارده ئەمریکاو لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکی جۆنسۆن لە ٢ی حوزەیرانی سالی ١٩٦٧ کۆبونەوە.جۆنسۆن لەکۆبونەوەکە بە وەفدی عیراقی راگەیاند,کە ئەمریکا لەهەولدایە بۆدۆزینەوەیچارەسەرێکی ئاشتیانە ,بۆکێشەی عەرەب-ئیسرائیل,بەمەبەستی پاراستنی ئارامی رۆژهەلاتی ناوەراست( F.R.U.S Vol. XXI, 1964–1968, Doc.172, From the Presidents special assistance ( Rostow ) to Presidents johnsion, 31 may, 1967, p 68 )


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لە کۆوبونەوەی لوتکەی عەرەبی کە لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧,کە لە خەرتومی پایتەختی سودان بەسترا,عێراق دژایەتی خۆی بۆ ئەمریکا راگەیاند, بە هۆی پشتگیری ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و پشتگیری هەموو ئەوبڕیارانەشی کرد,کە دژ بە ئەمریکا لە کۆبونەوەکە دەرکران,هاوکات هەر لەم کۆبونەوەدا بریاری کۆتایهاتنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا ڕاگەیاند(صیوان, ,٢٠٠١,ص ٢٩٦).

دواتر وەکوکاردانەوە بەرامبەر پاڵپشتی ئەمریکا لەشەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ بۆ ئیسرائیل,عێراق لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٧, لە رادیۆی بەغداوە فرۆشتنی نەوتی بە ئەمریکا راگرت.لەهەمان رۆژیش لە عێراق خۆپیشاندان لە دژی وڵاتانی پاڵپشتی ئیسرائیل بە گشتی وئەمریکا بە تایبەتی لە عیراق ئەنجامدرا (رمضانی,1984,ص67)؛( کریم, ٢٠١٠,ص٣٧١).

بەشیوەیەکی گشتی شەڕی ١٩٦٧ی عەرەب–ئیسرائیل وکاردانەوەکانی لەسەر عەرەب وایکرد,سۆڤیەت لە جیهانی عەرەبی نزیکبیتەوە.هەرەوەکو عێراق یەکێک بوو لەو وڵاتانەی لەسەردەمی عبدالرحمن عارفپەیوەندیەکانی لەگەڵ سۆڤیەت بەهیزکرد.بەوەی بەرپرسانی عێراق و سۆڤیەت چەندین سەردانیان بۆلای یەکتر ئەنجامداوچەندین گرێبەستی بازرگانی و نەوت لە نێوان عێراق و سۆڤیەت مۆرکران.بەڵام لاوازی دەسەڵاتی عبدالرحمن عارف وحکومەتەکەی تاهیر یەحیا,وایکرد سالێک دواتر بەعسیەکان دەسەڵات بگرنەوە دەست.

لەدوا ساڵی حوکمرانی عبدالرحمن عارف ,داوای پێکهینانی کابینەیەکی تازەی بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا لە ١٠ی تەموزی ١٩٦٧ کرد.یەکەمین هەنگاوی ئەم حکومەتە تازەیەش, پچراندنی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی عێراق بوو لەگەڵ ئەمریکا.سەرەتا بە وەستاندنی ناردنی نەوت بۆ ئەمریکاو پچراندنی پەیوەندی یە بازرگانیەکان وڕیگریکردن لە فرۆکەکانی ئەمریکا بە مەبەستی بەکارهێنانی ئاسمانی عیراق بوو( F.R.U.S,1964–1969, ,vol XII,te;egram from the embassy in Iraq to the department of state,Baghdad,June 8,1967)

بیانوی عێراقیش بۆ پچراندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ئەوەبوو,کاتێک عەدنان پاچەچی وەزیری دەرەوەی عێراق رایگەیاند,کە ئەمریکا,عەرەبی فەرامۆشکردووەوبە پشتگیریکردنی بۆ ئیسرائیل,ڕەچاوی هەست و بەرژەوەندیەکانی عەرەبی نەکردووەو نەیتوانیوە لانیکەم هاوسەنگی لەنێوان عەرەب و ئیسرائیل رابگرێت (F.R.U.S,1964–1969, ,vol XII,documents; memorandum, from embassy in Iraq to ((Strong),New York,June 29,1967)؛ ؛( فتح اللة.,2012,ص74).

ئەم هەلویستەی عێراق,ئەمریکای توشی نائومێدی کردو لەدوای داخستنی باڵویزخانەی وڵاتەکەی لە عێراق,ئەمریکا داوای لە باڵوێزی بەلجیکا کرد,کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بکات لەعێراق بە شیوەیەکی کاتی(F.R.U.S,1964–1969, ,vol XII, ,June 8,1967).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەم ماوەیەدا سیاسەتەی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق جگە لە پەیوەندی یە دیبلۆماسی و سەردان و چاوپێکەوتنەکانی هەردوولات,هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە گۆرانکاریە ناوخۆییەکانی عێراق,کاریگەری کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل وکیشەکانی حکومەتی عێراقی لەگەڵ ئێران وبزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو سیاسەتی ئەمریکی دەربارەی پرچەککردنی عێراقدا خۆی بینیوەتەوە.لە چاوپێکەوتن و دیدەنیەکانی نێوان بەرپرسانی ئەمریکی لە عێراق ,سیاسەتی ئەمریکی بریتی بووە لە دەستپێشخەری بۆدروستبونی پەیوەندی سیاسی و ئابوری وکلتوری نیوان عیراق وئەمریکا.

ئەمە جگەلەچاودێریکردنی سەرۆک و بەرپرسانی عێراقی لەلایەن ئەمریکاوە.بۆنمونەکاتێک لە ئازاری ١٩٦٧,عبدالرحمن عارف سەردانی تاران دەکات,ئەمریکا لەرێگەی باڵویزخانەکەی لەبەغداد,چاودیری دەکات وداوای کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر دەکات وداوادەکات هەوڵبدرێت خۆشحالی و پشتگیری ئەمریکا بە بە باشکردنی پەیوەندییەکانی عیراق و ئیران بە بەرپرسانی عیراق بگەیەنرێتە بەرپرسانی هەردولا(جمال هاشم,١٤٥،٢٠١٠).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە دەربارەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لە ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٨,گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-لەساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣وبەهۆی نزیکی دەسەڵاتی عبدالكريم قاسم لە سۆڤیەت ودژایەتیکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا,سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق,دۆستانە نەبوو,زۆربەی کات,دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بیریان لەگۆرینی دەسەڵاتی قاسم دەکردەوە.

٢-دوای ئەوەی ئەمریکاوزۆربەی ڕێگاکانی تاقیکردەوە بۆ دورخستنەوەی قاسم لەشیوعیەت و کەمکردنەوەی هەژمونی شیوعیەت و سەرکەوتوو نەبوو,بەهەماهەنگی لەگەڵ بەعسیەکان چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ,قاسمی لەدەسەڵات دورخستەوە.

٣-لەماوەی حوکمڕانی دوای هاتنی بەعسیەکان و سەردەمی حوکمرانی عبدالسلام عارفدا,پەیوەندی یە سیاسی و ئابوری و نەوتیەکاتی عێراق و ئەمریکا زیاتر گەشەیانکرد.

٤-سەرەدەمی حوکمرانی عبدالرحمن عارف(١٩٦٦-١٩٦٨),بەهۆی لاوازی ئەم سەرۆکەی عێراق,ململانێی ئەمریکاو سۆڤیەت لەعیراق زیادیکرد.

٥-کێشەی ئەوکۆمپانیا نەوتیانەی خۆرئاوا کە لە عێراق کاریان دەکرد,لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر پێدانی کرێی تێپەربون بەسوریادا,پەیوەندی یەکانی ئەمریکاو عێراقی بۆماوەیەک لاوازکرد.

٦-کێشەی عەرەب-ئیسرائیل,یەکێکبوو لە گرنگترین ئەوفاکتەرە دەرەکیانەیکە پەیوەنی یەکانی ئەمریکاوعێراقی بەجۆرێک تێکدا,هەردولا باڵوێزەکانیان لە وڵاتی بەرامبەر کشانەدەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The USA policy towards Iraq Feb 8-1963- July17-1968

**Harem Hasan Ahmed Baban**

Department of History, College of Human Science, University of Raparin – Rania, Kurdistan Region-Iraq.

E-mail: haremranya58@uor.edu.krd

**Mohammed Abdullah Kakasur**

Department of History, College of Arts, University of Salahaddin – Erbil, Kurdistan Region - Iraq.

E-mail: makakasur@yahoo.com

**Abstract:**

The USA policy towards Iraq 1963-1968,is one of the significant topics that has been given special attention by researchers, especially the America's role in bringing the Baathists to power in Iraq and recognizing them.

Another issue that has been taken care of by America is how to strengthen its political, cultural, and economic ties, especially its oil relations with Iraq. Because of Iraq was one of main forces in the Middle East during the Cold War, Therefore, it has become an important site to American interest .

On the other hand, there were some external factors that had a negative impact on the US foreign policy towards Iraq during this period. Among those factors, the Arab-Israel and the problem of western oil partners that were operating in Iraq at that time. However during existing these issues, the cultural and economic relations between USA and Iraq was still remain.

**Key Words:** The Foreign Policy of USA, The relationship between USA and Iraq, Cold War, The Baaths party in power.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# السياسة الامريكية تجاه العراق( 8 شباط 1963-17 تموز 1968 )

**هه ريم حسن احمد بابان** قسم التاريخ، كلية العلوم الانسانية، جامعة رابرين- رانيه، اقليم كردستان- العراق

**البريد الإلكتروني :** haremranya58@uor.edu.krd

**محمد عبد الله كاكەسور** قسم التاريخ ، كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين- اربيل، اقليم كردستان، عيراق.

**البريد الإلكتروني:** makakasur@yahoo.com

## الملخص:

السياسة الامريكية تجاه العراق(1963-1968 ),احدى المواضيع تمت الاهتمام بها من قبل الباحثين اهتماما خاصا.لاسيما مسالة دور الامريكا فى مجئ البعثيين الى السلطة في العراق والاعتراف بهم.

والمسالة الاخرى التى تمت الاهتمام بها من قبل الامريكا,هي كيفية توثيق العلاقاتها السياسية,والثقافية,والاقتصادية لاسيما العلاقاتها النفطية مع العراق.خاصة لان دولة العراق,كانت ذات قوة موثرة في الشرق الاوسط خلال الحرب الباردة,لذا اصبحت مكانا للاهتمام الامريكيين بها.

ومن جانب الاخر,هناك بعض العوامل الخارجية,كانت لها التاثير السلبى,على السياسة الخارجية الامريكية تجاه العراق في هذة الفترة.و من تلك العوامل,تاتى المشكلة عرب-اسرائيل و مشكلة الشريكات النفطية الغربية التى كانت تعمل في العراق انذاك.

**الكلمات المفتاحية:** السياسة الخارجية الامريكية-العلاقات الامريكية-العراقية-الحرب الباردة-البعثيون في السلطة في العراق .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## سەرچاوەکان:

FRUS,1962-1963,(April 2,1963), *Mempranudm from the Sannders of the national security council staff to the presidents special assistance for national security affairs,Bandy*, vol xviii,Wahsington.

F.R.U.S,1962-1963,(February 9,1963),*Near east, ,memorandum from the secretery of state Rusk to president Kennedy*, vol xviii ,Washington.

F.R.U.S,1963-1966 ,(February 13,1963)*Memorandum from the department of state,exclusive, secreteres,(Brunack),to the presidents special assistance for national security affairs(Bundy)*, ,Washington.

F.R.U.S,1963-1966,(February18,1963).*Memorandum from president Kennedy to the Rush*,Wahsington.

F.R.U.S, (February 20,1963),*Memorandum,from Robert W Kommer of the national security staff to the president Kenneddy*,Washington,

F.R.U.S,1962-1963,(February 22,1963)*Near east ,memorandum from the secretery of state Rusk to president Kennedy*, vol xviii ,Washington.

F.R.U.S,1962-1963,(November,18,1963),*Near east ,memorandum from the director defence intelligence agency Machmara*, vol xviii ,Washington.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

F.R.U.S,1962-1963,(November,18,1963),*Near east,vol XVIII,memorandum from the director Machmara*,Washington. *defence intelligence agency*

F.R.U.S,1962-1963,(November21,1963),*Near east,circular telegram from the department of state* ) *to certain posts*,vol xviii,Washington.

F.R.U.S,196641968,(April 20,1964),*Memorandum of conversation*,vol xvii ,Washington.

F.R.U.S,1964-1969, (March 24,1964) , *Airgram from embassy in Iraq to the department of state*, vol xii,Baghdad.

F.R.U.S,1964-1969, ,(July 2,1966),*Airgram from embassy in Iraq to the department of state*,vol xii ) ,Baghdad.

F.R.U.S,1964-1969, (July 2 ,1966) , *Airgram from embassy in Iraq to the department of state*, vol ) xii,,Baghdad,

F.R.U.S, 1968-1972, ( July 1, 1966) *DOC 181, 1964, Cireular Telegram From The Department Of State, The Embassy In Iraq Subject: U.S.Arms Policy for Iraq*, vol. XXl, Washington.

F.R.U.S,1964-1968, ( January 21, 1967), *The President's Special Assistant (Rostow) to President Johnson Subject Gift and Message 69 from Iraq's President*, vol. XXl Washington.

F.R.U.S,1964-1969,(July 2,1966),*Airgram from embassy in Iraq to the department of state,* vol XII ,Baghdad.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020**

F.R.U.S,1964-1969, (December 17,1966),*Airgram from embassy in Iraq to the department of state*,vol XII,Baghdad.

F.R.U.S,1964-1969, (December 17,1966) ,*Airgram from embassy in Iraq to the department of state* ,vol XII,Baghdad.

F.R.U.S,1964-1968, (February 1,1967),*Information memorandum from deputy assistance secetrtey of state for near eastern and south Asian Affairs(Handley) to secretery of state*, vol XXXIV ,Washington.

F,R.U.S,(October 8,1966),*Telegram from the department of state, to the embassy in Iraq,subject:secretery meeting with Pachachi*,Washington.

F.R.U.S,1964-1969, (June 8,1967) *Telegram from the embassy in Iraq to the department of state*, ,vol XII,Baghdad.

F.R.U.S,1964-1969, (June 29,1967) ,*Documents; memorandum, from embassy in Iraq to ((Strong)*, vol XII,New York.

F.R.U.S, 1964-1968, (31 May, 1967), *Doc.172, From the Presidents special assistance ( Rostow ) to Presidents johnsion*, Vol. XXl, Washington.

الشويلي,غسان(2018),*الاستراتيجية الامريكية تجاه العراق على اثر الاحتلال الدولة الكويت 1990-2003*,البصرة.

جواد,حازم(٢٠٠3),*مزكرات حازم جواد الرجل الذى قاد البعث العراقى الى السلطة في عام 1963* ,بدون مكان الطبع.

سعيد,حسن(2013),*البعث والقطار الامريكى:اسرار وخفايا انقلاب 8شباط 1963* ,بغداد,مركز النهوض للبحث والتوزيع.

البياتى,حامد(2000),*الانقلاب الدامى,الخفايا الداخلية,وموافق الدول الاقليمية ودور المخابرات الغربية في انقلاب 8شباط 1963 ,من الوثائق السرية البريطانية*,لندن.

صيوان,هيثم(2001).العراق والولايا المتحدة الامريكية:روية في الابعاد الاقتصادية,للاتفاقية الامريكية-العراقية.*مجلة قضايا السياسية*,جامعة النهرين,عدد 29.

سلوجت,ماريون(1993),*العراق الحديث من الثورة الى الدكتاتورية*,قاهرة,الزهراء للاعلام العربى.

كريم,هادى(2010),*انعكاسات الحرب 1967 على الواقع العراق*,مجلة جامعة بابل,عدد الخاص الموتمر 2010.

رمضانى,روح اللة(1984),*الخليج العربى والمضيق هرمز*,ترجمة:عبدالصاحب الشيخ,البصرة,مركز دراسات العربي.

العنزى,محمد(2005),*تاريخ العلاقات السياسية بيت العراق والكويت 1961-1973* .جامعة الكويت.

فتاح,هونةر(2015),السياسة الامريكية تجاه الحركة الشويعية في العراق 1958-1963,جامعة المنصورة.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

مروان,جمال(1989),,*عبدالكريم قاسم,البداية والسقوط*,بغداد,مكتبة الشرقية.

فتح اللة,سفين(2012),*العراق والنضام الشرق الاوسط:دراسة الجيبولتيكية*,اربيل,مطبعة شهاب.

شذر,حسين(1995),*العلاقات العراقية-الامريكية 1945-1958*,عمان,جامعة الاردنية.

حمبدى,جعفر(2004).*تاريخ الوزارات العراقية في العصر الجمهورى 1958-1968*,جزء 10,بغداد,بيت الحكمة

بوتانى,عبدالفتاح(2007), *التطورات السيلسية الداخلية في العراقى 14تموز 1958-8شباط 1963*,دهوك,مطبعة خانى.

هانى الفكيكى(1993),اوكار الهزيمة:تجربتى فى حزب البعث العراقي,بيروت,موسسة المنار.

عبدالحليم,سارا(2011),*التنافس الامريكى –السوفيتى على العراق 1958-1990*,جامعة عين الشمس.

Aburish, Said,(1997)*A brutal friendship:The Weest and Arab Elite*, ,New York, St Martin press.

Couglin,Con(2007),*Saddam:his rise and fall*,New York,Harper Collins.

Khadduri, Majid ,*Socialist Iraq: study in Iraqi politics since1968*,(1978),Washington,the middle east inistitute.

رسول,فاتح(2005),*مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان*,سلێمانی.

***جريدة جماهير*** **(1963),عدد133,بغداد.**

***جريدة الثورة العربية*****,(1966),عدد 761,بغداد.**

**الزيدى,سنان(2005),*سياسة الولايات المتحدة الامريكية تجاه العراق 1958-1963*,بغداد.**

**الذويب,جمال(2010),*سياسة الولايات المتحدة تجاه العراق في عهد رئيس عبدالرحمن محمد عارف 1966-1968*,مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية,عدد 2,الانبار.**

Moris,Roger,(2003), A tyrant forty years in the making, The New York Times,available from, https://www.nytimes.com/2003/03/14/opinion/a-tyrant-40-years-in-the-making.html ,(Accessed:8Feb 2020)